# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە: ٦٢ - ٢٠٢٥

گۆڤارێکی ئەکادیمی و زانستیی وەرزییە

**سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار**

حەمەسەعید حەسەن

**سەرنووسەر**

پ.د. کاروان عومەر قادر

**بەڕێوەبەری نووسین**

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

**دەستەی نووسەران:**

پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
پ.د. بەختیار سەجادی
پ.د. فەرهاد قادر کەریم
پ.ی.د. ئەحمەد محەمەد مام عوسمان
پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

**دەستەی ڕاوێژکاران:**

پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
پ.د. مارتن ڤان برونسن
پ.د. جەلیلی جەلیل
پ.د. ساڵح ئاکین
پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
پ.د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە | ISSN: ٢٥٢٠ - ٤١٠٦ | http;//gov.krd/ka

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

**هەڵەچنی:** دیاکۆ هاشمی و پ. د. دانا ئەحمەد

**ڕێکخەری کاروباری گۆڤار:** ئیمان نەجات

**بەرگ و دیزاین:** ئومێد محەممەد

**ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:**

http://journal.kurdish-academy.dev.krd

**ئیمێڵ:** journal@ka.gov.krd

**موبایل:** ٠٧٥٠٨٣٧٥٥٧٥

**چاپ:** چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٢٥

## پێڕست


**جوانیناسی لە هۆنراوەی منداڵاندا......................................٥**

کاروان عەلی محەمەد - پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر - پ.ی.د. سالار عوسمان حوسێن

**جوانکاریی واتایی لە شیعرە کوردییەکانی عەبدوڵڵا بەگی (میصباح الدیوان)(ئەدەب)دا.....٢٣**

علی مصطفی توفیق

**کێشەی ناونانی زاراوەکانی بەکارهێنەر لە موزیکیی ڕۆژهەڵاتیدا.....................٣٩**

د.عادل محەممەد کەریم - پ.ی.د.چیایی کمال سعدی

**هاوسەرگیریی بەسەروەری لە دابونەریتی کۆمەڵگای گوندنشینی کوردستاندا...............٥٧**

د. حبیب مصطفی ابراهیم - پ.ی.د رضوان شریف صالح

**شەو لە شیعرەکانی (مەولەوی)دا..................................................٧٣**

پ.ی.د. سروشت جەوهەر حەوێز - پ.ی.د. لقمان ڕەئوف

**بیناسازیی قشڵەی گوێڕ لە سەردەمی عوسمانی......................................٩١**

م.ی حسین رفیق حسن

**زمانی ڕەنگەکان لە بواری دەروونناسیدا...........................................١١١**

م.ە- م عبدالستار نعمت آلیخانزانکۆی - پ.هـ ـم. کاوە طاهر ظاهر

**(التخطيط الاستراتيجي لإعادة تنظيم البيشمركة في بادينان).........................١٢٥**

هيام حاجي أحمد

**لمحات من ثقافات العصرين الحجري النحاسي وما قبل الكتابة في الجزيرة السورية.....١٣٧**

أ.د. نعمان جمعة إبراهيم - عمر حسين شريف

**الانعكاسات الاجتماعية لعدم الالتزام بالقوانين المرورية في مدينة أربيل..................١٥٥**

م.م. أميد عبدالمجيد قادر - أ.د. عبدالحميد علي سعيد البرزنجي

**مؤلفات كتبت لسلاطين وملوك الأيوبيين..........................................١٧١**

أ.م د. لولاڤ مصطفى سليم

# بیناسازیی قشڵەی گوێڕ لە سەردەمی عوسمانی

## (لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەواری بیناسازییە)


**م.ی حسین رفیق حسن**

**بەشی شوێنەوار کۆلێژی ئاداب**
**زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر**
**Hussein.hasan@su.edu.krd**



**- پوختە:**

سەردەمی عوسمانی بە یەکێک لە گرنگترین سەردەمەکانی ئیسلامی دادەنرێت. نەوەکوو تەنها لە ڕووی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام و جیهاد لەپێناو خودادا، بەڵکوو لە ڕووی هونەری بیناسازیشەوە هەنگاوی زۆر گرنگیان ناوە و، زۆر پێشکەوتوو بوون. یەکێک لەو شێوازە بیناسازییانەی لە کۆتاییی سەردەمی عوسمانی سەری هەڵدا؛ بیناسازیی قشڵە بووە. لەو سەردەمە لە عێراقدا، زۆر شوێن قشڵەی تێدا بنیات نراوە، وەک: (بەغدا، کەرکووک، هەولێر، مەخموور، قوشتەپە و گوێڕ). ئەم قشڵانە زیاتر لەو شوێنانە دروست دەکران کە شوێنی گرنگ و سەر ڕێگای گشتی و بازرگانی بوون بۆ پاراستنیان لە ڕێگرەکان. جگە لەوە قشڵەکان بۆ لایەنی سەربازی و کارگێڕی لە بەڕێوەبردنی ئەو شوێنانەش بەکار دەهات کە ڕۆڵیان لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ناوچەکان هەبووە. هەروەها یەکێک لە ئەرکەکانی تەلارسازیی قشڵە بۆ مانەوە و پشوودانی سەربازەکان بووە، کاتێک ماوەی ئەرکی سەربازییان بەجێ هێنا، کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەچوون و بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا لە قشڵەی شارەکان پشوویان داوە (خۆیان و ئەسپەکانیان)، بە شێوەیەک شوێنی تایبەت لەناو قشڵەکان بۆ ئەو مەبەستە دروست کرابوو، کە دوای پشوودان ئینجا دووبارە بە ڕێگادا ڕۆیشتوون.

لە کۆتاییدا تەلارسازیی قشڵە جگە لە ئەرکە گرنگ و بەکارهێنانە سەربازییەکەی، بەشدارییەکی کارای لایەنی کارگێڕیی ئەو شوێنانەی دەکرد کە لە عێراق لە سەردەمی فەرمانداریی عوسمانی دروست کراون.



**کلیلەوشە:** قشڵە، گوێڕ، هێڵکاریی قشڵە، بیناسازیی سەربازی، ڕەگەزەکانی بیناسازی.

**- پێشەکی:**

نووسین لەسەر هەر بابەتێک پێشەکییەکی هزریی تێدایە، کە لە هەستی مرۆڤدا دەردەکەوێت. جگە لە ئەرک و ئامانجە زانستییەکەی، ڕووەکەی تری پەیوەستە بە ئارەزووی نووسەرەوە.

جێماوە شوێنەوارییەکان بە گەنجینەیەکی گرنگی ژیان و شارستانییەتی هەر میللەتێک دادەنرێت، چونکە پاشخانێکی ڕابردوویی بەبەهایە لەلایەنەکانی ڕۆشنبیری و مێژوویی و کەلتووریی هەر میللەتێک، مافێکی ڕەوا دەدات بە شوناسی نەتەوەیی. بێگومان کوردستان کە بە لانکەی شارستانییەت دادەنرێت، هەزارەها شوێنی شوێنەواری لەخۆ دەگرێت، تژین لە پارچەی شوێنەواری کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە جیاوازەکان (پێش مێژوو و مێژوویی).

لێکۆڵینەوە لەسەر پاشماوەیەکی شوێنەواری و مێژوویی، گرنگیی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەویش دەبێت توێژەر زۆر بەوردی کاری بۆ بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت لایەنی شوێنەواری لە هەموو ڕووەکانی دەربخات، چ لە ڕووە ئەرێنی یان نەرێنی. بەدیارخستنی پاشماوەی شوێنەواری لە ڕووی مادی و بەرجەستەوە لێی بکۆڵرێتەوە و گرنگیی دەرخستنی سەردەمەکانی و ئاشناکردنی بە شارستانییەتی کۆن، لە ڕووی هونەری بیناسازیی کۆنەوە زیاتر ئەو پاشماوەیە لەلایەن مێژوونووسان و شوێنەوارناسان دەبێتە ڕێگاخۆشکەر بۆ ئەوەی هەموو ڕووەکانی دەربخەن، چ لە ڕووی کەرەستەی بیناسازی، وەک: چۆنیەتیی بنیاتنانی ئەم شوێنەوارە و کاریگەریی سەردەمەکانی تر لەسەری و، لەم توێژینەوەیەمدا، لایەنی مێژوویی و هونەری بیناسازیی قشڵەی گوێڕمان خستە ڕوو؛ کە لە سەردەمی عوسمانی هەتاکوو ئێستا توانیویەتی بەرگری لە خۆی بکات، هەم لە ڕووی مێژوویی، هەم لە ڕووی جێماوی شوێنەواری، قشڵەی گوێڕ بە شوێنەوارێکی گرنگ دادەنرێت.

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا ناساندنی ئەم قشڵەیە و دەرخستنی مێژووی شارەدێی گوێڕە لە سەردەمە مێژووییەکاندا. لەو چوارچێوەیەش هەوڵ دراوە زانیارییەکان بە ئەمانەتەوە ئاماژەیان پێ بکرێت. سەرەڕای ئەوەش هیچ توێژینەوەیەک بەبێ هەڵە نابێت. لەم توێژینەوەیە ئاماژە بە مێژووی قشڵە و شارەدێی گوێڕ لە ڕووی شوێنی جوگرافی و ناو و مێژووەکەی دەکەین. هەروەها ئاماژە بە هێڵکاریی قشڵە و بەشەکانی ناوەوە و دەرەوە و نهۆمی دووەمی قشڵە دەکات، وەک: دەروازە و ڕاڕەو و حەوشە. هەروەها باسی بەشەکانی (باکوور و ڕۆژاوا و باشوور و ڕۆژهەڵات) دەکات و باسی نهۆمی سەرەوە و خوارەوەی قشڵە دەکات. هەر لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە کەرەستەی بیناسازی و بەراوردکردنی ئەم قشڵەیە لەگەڵ چەند قشڵەیەکی تری سەردەمی عوسمانی کراوە، وەک: قشڵەکانی (مەخموور، کەرکووک، هەولێر و کۆیە). بێگومان هیچ توێژینەوەیەک بێ کێشە و گرفت نابێت. ئەم کێشە و گرفتانەی لەم توێژینەوەیەدا هاتە بەردەممان بریتی بوون لە: یەکەمیان: ئاشکرایە هەموو کارێکی مەیدانی پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر هەیە و پێویستە چەندین جار سەردانی ئەم شوێنە بکەیت. جگە لەوە لەگەڵ دەزگا تەناهییەکانی ئەم شوێنە ڕووبەڕووی کێشە بووین، بەتایبەتی لە کاتی وێنەگرتن، چونکە وێنەگرتن قەدەغە بوو. ئەمەش بۆ پاراستنی لایەنی تەناهیی شارەکە بوو. بەڵام لە هەمان کاتدا یارمەتی و ڕێزێکی زۆریان لێ گرتووین و هاوکارییان کردووین. دووەمیان: کەمیی سەرچاوەی پێویست دەربارەی شارەدێی گوێڕ، بەتایبەتی لەسەر قشڵەی مەخموور زۆر کەم بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو سەرچاوەی زۆر گرنگ هەبوون، لە توێژینەوەکەمدا زۆر سوودمان لێ وەرگرت: پەرتووکی (گوێڕ هاوارێکی کوردستانییە و ون) نووسینی: مامۆستا حەمید گەردی و، هەروەها پەرتووکی (هونەری بیناسازیی قشڵەکانی پارێزگای هەولێر لە سەردەمی عوسمانی) نووسینی: د. زێدان برادۆستی.

## ١- شوێنی جوگرافیی شارەدێی گوێڕ:

شارەدێی گوێڕ لە باشوورییەوە (شارۆچکەی مەخموور، شارەدێی قەراج، و کەندیناوە)یە، لە باکوورییەوە (شارۆچکەی خەبات-کەلەک)ە، لە ڕۆژهەلاتییەوە (شاری هەولێر)ە، لە ڕۆژاوایەوە (نەمروود و مووسڵ)ە (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٣٦-٣٧). دووریی (٣٦ کم)ـە لە شارۆچکەی مەخموورەوە و دووریی (٤٥ کم)ـە لە شاری هەولێر (ئەلحوسەینی، ١٩٣٠: ١٥٥). شارەدێی گوێڕ لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە شارۆچکەی مەخموورە. لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە دەکەوێتە سەر ڕێگای سەرەکیی پارێزگاکانی (مووسڵ و هەولێر و کەرکووک). ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافییەکەی وای کردووە ئەم سێ شارە بەیەکەوە ببەستێتەوە (کاری مەیدانی، ٢٠١٣/٣/١٢).




(نەخشەی ژمارە -١- ئیسماعیل، ٢٠١٥: ٦)

شارەدێی گوێڕ دەکەوێتە نزیک لێواری لای چەپی زێی گەورە (زێی بادینان)ە. ناوچەکە کەوتووەتە شوێنێکەوە کە بەرزی و نزمی و گرد و تەپۆڵکەی زۆرە. ئەم شارەدێیە نزیکەی (٥٢) گوندی لەسەرە. بڕوانە (گەردی، ٢٠١٠: ١٣-٢٧-٢٨).

سەبارەت بە دانیشتووانی شارەدێی گوێڕ، هەردوو نەتەوەی تێدا نیشتەجێن (کورد، عەرەب). زۆربەی دانیشتووانەکەی بە کشتوکاڵەوە خەریکن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا خەڵکەکەی سوودیان لە ئاوی زێی گەورە وەرگرتووە. بەشێکیان لە کاتی کشتوکاڵکردن سوود لە ئاوی باران وەردەگرن (موخلیس، ١٩٢٧: ٤١٠).

## ٢- ناوی گوێڕ:

سەبارەت بە ناوی گوێڕ، بیروبۆچوون زۆرە، بەڵام تا ڕادەیەک بیروبۆچوونەکان لە یەکتر نزیکن. لە یەکێک لە سەرچاوەکاندا هاتووە، باس لەوە دەکات یەکێک لە زانا مەسیحییەکان بە ناوی (ئیبراهیم نەفتەری) لە سەدەی شەشەمی زایینی لە گوندی نەفتەر لەدایک بووە، کە ئاماژە بەوە دەکات گوندی نەفتەر دەکەوێتە باڵی لای چەپی زێی گەورە، دەکاتە گوێڕی ئێستا و، وشەی (نەفتەر) وشەیەکی ئارامییە، ئەمەش بەهۆی بوونی قیر و نەفت لەم ناوچەیەدا هەیە، بۆیە ئەم ناوەیان لێ ناوە (ڕووفۆ، ٢٠٠٣: ٢١٧) و هەروەها مێژوونووس عەباس سلێمان سمایل لە کتێبەکەیدا بە ناوی (مێژووی دەشتی هەولێر) بە هەمان شێوە دەڵێت ناوی گوێڕ لە (قیر)ـەوە هاتووە (سمایل، ٢٠٠٤: ٤٢).

یەکێکی تر لەم سەرچاوانەی کە ناوی گوێڕ بە (قویر) دەبات، دەڵێ لەم جەنگانەی لە سەرەتای سەردەمی ئیسلامدا ڕووی داوە، لەنێوان (مەروانی کوڕی حەکەم) و دوژمنانی ئیسلام بە ناوی (سەبتە)، لە نزیک شارەدێی گوێڕ ئەو کاتەش پێیان وتووە قویر، بەڵام دواتر لەلایەن دانیشتووانەوە گۆڕاوە بۆ گوێڕ (گەردی، ٢٠١٠: ٣٤).

لە هەمان سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکات کە ناوەکەی لە دوو وشەی فارسی وەرگیراوە، لە (گو) کە بە مانای (پاڵەوان یان دلێر) دێت، (ێر) بە مانای (سەرزەوی، شوێن، ناوچە) دێت. بۆیە ئەم دوو وشەیان لێک داوە و وشەی (گوێر) دروست دەبێت، کە بە مانای (سەرزەویی دلێران، سەرزەویی پاڵەوانان)

دێت و بۆچوونێکی تری دەربارەی ناوی گوێڕ هەیە، پێی وایە کە ناوی گوێڕ لە (گوێرەکە) وەرگیراوە. ئەمەش بەپێی گۆڕانکاریی سەردەم ئەم وشەیە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و گۆڕاوە بۆ (گوێڕ) (گەردی، ٢٠١٠: ٣٤-٣٥). بەڵام لە سەرچاوەیەکی تر ئاماژە بەوە دەکات کە ناوی گوێڕ لە زمانی ئینگلیزی و تورکی وەرگیراوە و بە تێکەڵاویی هەردوو زمان وشەی گوێڕ دەرچووە، وەکوو وشەی (گۆ) لە زمانی ئینگلیزی واتە (بڕۆ)، وە (یَر) لە زمانی تورکی واتە (سەرزەوی). ئینجا ئەم دوو وشەیان لێک داوە، ئەمە دەرچووە (لەسەر ئەم زەوییە بڕۆ) (کاری مەیدانی، ٢٠١٣/٣/١٥). ئەم بیروبۆچوونانەی دەربارەی ناوی گوێڕ هاتوون، زیاتر ئەم بۆچوونەیان پەسەندە کە دەڵێت ئەم ناوە لە (نەفتەر)ەوە هاتووە کە مانای (قیر، نەوت) دەگەیەنێت. هەروەها لەم ناوچەیەدا تاکوو ئێستا لە لێواری زێی گەورە لەژێر ئاوەکەوە قیر و نەوت دەردەچێت (توێژەر).

## ٣- مێژووی گوێڕ:

سەبارەت بە مێژووی شارەدێی گوێڕ، هیچ سەرچاوەیەک ئاماژەی بەوە نەکردووە کە سەرەتای مێژووی ئەم ناوچەیە بۆ کەی دەگەڕێتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەی شوێنەواری لەم ناوچەیەدا نەکراوە. بەڵام یەکێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکات، لە نزیک گوێڕ ئەشکەوتێک هەیە پێی دەڵێن ئەشکەوتی نەمروود، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیبراهیم پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت)، (گەردی، ٢٠١٠: ٢٣).

بەڵام سەبارەت بە مێژووی ئەم ناوچەیە لە سەردەمی ڕۆمە بێزەنتییەکان، چەند زانایەکی مەسیحی پەیدا بوون. یەکێک لە زانا مەسیحییەکان، ناوی (ئیبراهیم نەفتەری)[1] بووە؛ لە ساڵی (٥٠٣ز) لە نەفتەر لەدایک بووە، کە دەکاتە گوێڕی ئێستا. بۆیە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، گوێڕ لە سەردەمی ڕۆمە بێزەنتییەکان بوونی هەبووە (ڕووفۆ، ٢٠٠٣: ٢١٧). بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام و دەستپێکردنی فتوحاتەکان، بەتایبەتی لە سەردەمی جێنشین (عومەری کوڕی خەتاب)، ناوچەیەکی زۆر فەتح کرا. ناوچەکانی کوردستان یەکێک بوو لەو ناوچانەی کە لەسەر دەستی (عوتبەی کوڕی فەرقەد) فەتح کرا؛ لە سەردەمی (عومەری کوڕی خەتاب)، بووە بەشێک لە دەوڵەتی ئیسلامی (اللجنه الاعلامیه لمهرجان یوم محافظة اربیل : اربیل بین الماضي والحاضر، ص ٣٠ واته: لیژنەی ئیعلامیی فیستیڤاڵی ڕۆژی پارێزگای هەولێر: هەولێر لەنێوان ڕابردوو و ئێستا، ل ٣٠). بەڵام لە سەردەمی ئەمەوییەکان، کوردستان زۆر بایەخی پێ نەدراوە (ئەلزێباری، ٢٠١١: ١٥). هەروەها لە سەردەمی ئەمەوییەکان، جەنگێکی گەورە لەم ناوچەیەدا ڕووی دا لەنێوان (مەروانی کوڕی حەکەم) و دوژمنانی ئیسلام لەسەر زێی گەورە، کە بە جەنگی (سەبتە) ناسراوە و لە نزیک گوێڕ بووە. هەروەها هەر لەم ناوچەیەدا، جەنگێکی تر لەنێوان ئیمپراتۆریەتیی فارس و تورکدا ڕووی داوە، کە تورکەکان لەم جەنگەدا دەشکێن؛ ژمارەیەکی زۆریان لێ بەدیل دەگیرێت (گەردی، ٢٠١٠: ٣٤).

بەڵام پێش هاتنی عوسمانییەکان بۆ ناوچەکە، لەلایەن (خەتاب ئاغای گەردی) ئەم شوێنە ئاوەدان دەکرێتەوە. لە سەرەتاوە (خەتاب ئاغا) گوندی کەپەران ئاوەدان دەکاتەوە، بەڵام دواتر لە سەرەتای سەدەی حەڤدەی زایینی دێتە گوێڕ، ئەم ناوچەیە ئاوەدان دەکاتەوە. کاتێک عوسمانییەکان دەگەنە ناوچەکە، (خەتاب ئاغا) لەم ناوچەیە دەڕوات، دەگەڕێتەوە گوندی کەپەران. ئەمەش بەهۆی بوونی کێشە لەنێوان (خەتاب ئاغا) و دەسەڵاتدارانی عوسمانی (گەردی، ٢٠١٠: ٥١). بەڵام کاتێک کە

١-ئیبراهیم نەفتەری: یەکێکە لە زاناکانی مەسیحی. لە ساڵی ٥٠٣ز لە (نەفتەر) لەدایک بووە؛ لە قوتابخانەی (نسیبین) خوێندوویەتی. دواتر قوتابخانەیەک دروست دەکات لە هەولێر، بۆ ماوەی (٣٠) ساڵ وانەی تێدا دەڵێتەوە. دواتر دەچێتە بێزەنتە کە لەسەر داوای مەلیک (یوستینیوس)، بۆ وتنەوەی وانەی فەلسەفە لە کتێبی پیرۆزدا. دوای ئەوە لە کڵێسەیەک لە چیای ئیزالا لە ٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ٥٨٨ ز دەمرێت.

عوسمانییەکان لەم ناوچەیەدا جێگیر دەبن، گرنگیی زۆر بەم ناوچەیە دەدرێت، بەتایبەتی لەلایەنی بیناسازی، وەک دروستکردنی قشڵە و مزگەوت و خانوو لە شارەدێی گوێڕ (ئەلحوسەینی، ١٩٣٠: ١٥٥).

## ٤- مێژووی قشڵە:

قشڵەی گوێڕ یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگەکانی شارەدێی گوێڕ. مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە عێراق. بۆیە یەکێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵی ١٨٨٠ز دەست پێ کراوە و لە ساڵی ١٨٨٦ز تەواو کراوە. بەڵام پێ دەچێت مێژووی دروستکردنی هاوسەردەم بێت لەگەڵ مێژووی مزگەوتی گەورەی گوێڕ؛ لە ساڵی ١٩٠٣ز دروست کراوە، ئەمیش لە هەمان ساڵ دروست کراوە، بەهۆی بوونی نووسینی مێژووەکەی لەسەر دەرگای مزگەوتەکە (برادۆستی، ٢٠١٨: ٩٥). ئەم بیروبۆچوونانەی دەربارەی مێژووی دروستکردنی ئەم قشڵەیە باس کراوە، زیاتر ئەم بۆچوونەیان پەسەندە، کە مێژووەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی (١٩٠٣ز) (توێژەر).

### ٤.١. شوێنی جوگرافیی قشڵە:

قشڵەی گوێڕ دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شارەدێی گوێڕ، نزیک لە زێی گەورە (زێی بادینان). مزگەوتی گەورەی گوێڕ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی قشڵەکە دروست کراوە. ئەم قشڵەیە سێ لای دەکەوێتە سەر شەقام. بریتییە لە: لایەکانی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و باکوور). ئەم شوێنەی قشڵەکەی لێ دروست کراوە، کەمێک بەرزترە لە دەوروبەرەکەی. هۆکاری دروستکردنی ئەم قشڵەیە لەم شوێنەدا دەگەڕێتەوە بۆ مانەوەی ئەم قافڵە سەربازییانەی لە ناوچەکانی مووسڵ دێن و بەم ناوچەیەدا تێپەڕ دەبن بەرەو ناوچەکانی کەرکووک. هەروەها بۆ حوکمکردنی ناوچەکە و چاودێریکردنی ئەم ڕێگایەی لەنێوان (مووسڵ و کەرکووک)دا هەیە (برادۆستی، ٢٠١٨: ٩٣).


### ٤.٢. ناوی قشڵە:

وشەی قشڵە، وشەیەکی تورکییە و لە فەرمانی (قاشلاغ) وەرگیراوە؛ واتە عەرەبییەکەی (المشتى)یە (برادۆستی، ٢٠٠٧: ٢٧).

بەگوێرەی ئەوە نشینگەیەکی سەربازی بووە، کەوا سەربازەکان تێیدا نیشتەجێ بوون لە وەرزی زستاندا؛ لەو کاتەدا کە سەربازەکان دەر نەدەچوون بۆ جەنگ. لە بنەڕەتدا چادرگەیەکی لادێنشینی زستانی بوون لە ئاسیای ناوەڕاست، یاخود دانانی چادرگەیەکی کاتی بوو بۆیان و گۆڕانکاری لە شێوەی ماناکەی بوو بە شێوەیەک کە دووبارە بووەوە لە بیناسازیی موسڵمانان بە مانای مۆڵگەیەکی سەربازی دێت، یاخود ئەو بینایەی کە بەڕێوەبەرایەتییە کارگێڕییەکان دەگرێتە خۆی، کە ئەمەش دووبارە بووەوە لە بیناسازیی عوسمانییەکان (ثوینی «سوەینی»، ٢٠٠٥: ٤٠٢). ئەم قشڵەیەی دەکەوێتە شارەدێی گوێڕ، پێی دەڵێن قشڵەی (کۆنی) گوێڕ؛ ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە تاکە قشڵەیە لەم ناوچەیەدا هەیە؛ مێژوویەکی کۆنی هەیە؛ بۆیە ئەم ناوەیان لێ ناوە (کاری مەیدانی، ٢٠١٣/٣/١٥).


### ٤.٣. هێڵکاریی قشڵەی گوێڕ:

ئەم قشڵەیە هێڵکارییەکەی نزیک لە چوارگۆشەیە؛ درێژییەکەی لە باکوورەوە بەرەو باشوور (٤٩٠,٢ سم) دەبێت، پانییەکەشی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژاوا (٢١٠,٢ سم) دەبێت، واتە ڕووبەری گشتیی نزیکەی (٥٥٠,٢٩ م٢)ە. ئەم قشڵەیە لە دوو نهۆم پێک هاتووە. نهۆمی یەکەم دەرگای سەرەکیی دەکەوێتە بەشی باکوور، حەوشەیەکی لە ناوەڕاست هەیە؛ هەموو یەکە بیناسازییەکانی لە چواردەوری دروست کراوە (هێڵکاریی ژمارە ١) (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٣). بوونی یەک دەرگا لە شوێنە سەربازییەکان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ئەمنی، بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێت بەئاسانی بێتە ژوورەوە (محەممەد، ٢٠٠٣-٢٠٠٤: ٨٧).



هێڵکاریی ژمارە (١) / نهۆمی یەکەم - قشڵەی گوێڕ

بەستنەوەی نهۆمی یەکەم بە نهۆمی دووەم بەهۆی پەیژەیەکەوەیە، کە ئێستا ماوە؛ لە بەشی باکووری حەوشەکە دروست کراوە. بەڵام بەشی باکووری قشڵە کە بەشی پێشەوەی قشڵەیە، تەنها لەم بەشە نهۆمی دووەم دروست کراوە. بەڵام لە بەشەکانی تری قشڵە هیچ یەکەیەکی بیناسازی دروست نەکراوە. تەنها لەم بەشەی کە ئاماژەمان پێ کرد، نهۆمی دووەم لە ئەیوانێک و دوو ژوور پێک هاتووە. ئەیوانەکە دەڕوانێتە سەر حەوشەی قشڵەکە (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٣) (هێڵکاریی ژمارە ٢).



هێڵکاریی ژمارە (٢) / نهۆمی دووەم - قشڵەی گوێڕ

(ئامادەکردن – د. زێدان برادۆستی)

## ٤.٤. بەشەکانی دەرەوەی قشڵە:

ئەم قشڵەیە لە دوو نهۆم پێک هاتووە. دیوارەکانی بە شێوەیەکی بەرز و پان دروست کراون. بەرزیی دیواری نهۆمی یەکەم (٥٠٥ سم)ە، بەرزیی دیواری نهۆمی دووەم (٣١٤ سم)ە. دیوارەکانی نهۆمی یەکەم بە شێوەیەکی پانتر دروست کراون لە دیوارەکانی نهۆمی دووەم؛ پانیی دیوارەکانی نهۆمی یەکەم (٨٢ سم)ە، بەڵام پانیی دیوارەکانی نهۆمی دووەم (٦٧ سم)ە (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٣). چەند هۆکارێک هەن بۆ جیاوازیی ئەم پانییە: یەکێک لە هۆکارەکان بۆ کەمکردنەوەی قورسایی لەسەر دیوارەکانی نهۆمی یەکەم و فراوانبوونی نهۆمی دووەم. پان دروستکردنی دیوارەکانی نهۆمی یەکەم گرنگیی تری هەیە، ئەویش بۆ بەرگریکردنی دیوارەکان لە کاریگەریی هۆکارەکانی ئاووهەوا و شێ (ڕەزق، ٢٠٠٠: ٦٤) (محەممەد، ٢٠٠٣–٢٠٠٤: ٨٧). نهۆمی دووەم هەرچەندە لەلایەنی بیناسازی زیاد بکرێت، ئەوا دیوارەکانی نهۆمی سەرەوەیان پانییان کەم دەبێت؛ ئەمەش بۆ ئەوەی نهۆمی خوارەوە بەرگەی ئەو قورساییە بگرێت کە لەسەریەتی. ئەم قشڵەیە لە چوار بەش پێک هاتووە (باکوور، ڕۆژاوا، باشوور، ڕۆژهەڵات). بەشی باکوور کە دەکاتە بەشی پێشەوەی قشڵە، دەروازەی سەرەکیی قشڵەکەی لێ دروست کراوە. درێژیی دیواری باکوور (٢٢١٠ سم)ە. ئەم بەشەی قشڵە لە دوو نهۆم پێک هاتووە. بەرزیی نهۆمی یەکەم (٥٠٥ سم)ە، بەڵام بەرزیی نهۆمی دووەم (٣١٤ سم)ە؛ واتە بەشی باکوور (٨١٩ سم) بەرزە. دەرگاکەی لە ناوەڕاستی دیواری باکوور دروست کراوە. لەلای ڕۆژهەڵاتی دەرگاکە (٣) پەنجەرە دروست کراوە، کە یەک پەنجەرەیان لە دوو پەنجەرەکەی تر گەورەتر دروست کراوە؛ ئەم پەنجەرانە لە نهۆمی یەکەم دروست کراون. لە بەشی ڕۆژاوای دەرگاکە، بە هەمان شێوەی لای ڕۆژهەڵاتی، لە (٣) پەنجەرە پێک هاتووە، کە یەکێکیان گەورەیە و دووەکەی تر بە شێوەی بچووک دروست کراون، کە هی نهۆمەکانی ژووری یەکەمن.

لە بەشی سەرەوەی دەرگاکە (٥) پەنجەرەی گەورە هەن؛ (٤) پەنجەرەیان دەکەونە ژوورەکان؛ یەکێکیشیان دەکەوێتە ئەیوانەکە لە نهۆمی دووەم. پێوانەی پەنجەرەکان لە بەشی دەرەوەیان: بەرزیی پەنجەرە گەورەکانی نهۆمی یەکەم (١٥٧ سم)ە؛ پانییان (٨٠ سم)ە؛ بەرزیی پەنجەرە بچووکەکانی نهۆمی یەکەم (٦٥ سم)ە؛ پانییان (٥٥ سم)ە؛ بەرزیی پەنجەرەکانی نهۆمی دووەم (١٦٥ سم)ە؛ پانییان (٩٣ سم)ە. (وێنەی ژمارە ١)



**وێنەی ژمارە (١): ڕووی پێشەوەی قشڵە**

دیواری بەشی ڕۆژاوای درێژییەکەی (٢٤٩٠ سم) ە؛ بەرزییەکەی (٥٠٥ سم)ە. ئەم بەشە لە چوار پەنجەرەی بچووک پێک هاتووە، کە هەمان پێوانە و شێوەی پەنجەرەکانی بەشی باکوورە. ئەم پەنجەرانە بۆ هاتنەژوورەوەی ڕووناکی و هەواگۆڕکێکردن لەناو ژوورەکان بەکار هاتووە. دیواری بەشی باشوور، کە دەکاتە بەشی دواوەی قشڵەکە، درێژیی ئەم دیوارە (٢٢١٠ سم)ە؛ بەرزییەکەی (٥٠٥ سم) ـە، بەڵام پانییەکەی کەمترە (٦٧ سم)ە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەم بەشە هیچ بیناسازییەکی لەسەر دروست نەکراوە، بۆیە پانییەکەی کەمترە لە بەشەکانی تر. لەم بەشەدا تەنها دوو بۆشاییی بچووک دروست کراون. دیواری بەشی ڕۆژهەڵاتی قشڵەکە بە هەمان شێوەی بەشی ڕۆژاوای دروست کراوە؛ لە (٤) پەنجەرەی بچووک پێک دێت، بە هەمان شێوە و پێوانە دروست کراوە (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٣).

### ٤.٥. بەشەکانی ناوەوەی قشڵە:

**١- دەروازە:**

دەروازەی شوێنە گشتییەکان و کۆشک لە بیناسازیی ئیسلامی بە گەورەیی و کەوانی سەر دەرگاکە و شێوە میحرابییەکەی دەناسرێتەوە (وەزیری، ٢٠٠٥: ١١). قشڵەی گوێڕ یەک دەروازەی سەرەکیی هەیە و دەکەوێتە ناوەڕاستی دیواری بەشی لای باکوور. ئەم دەروازەیە کەوانی نیوەبازنەیی هاوشێوە لەخۆ دەگرێت، کە کەوانی یەکەم ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر دەروازەکە، بەڵام کەوانی دووەم دەکەوێتە سەرەوەی کەوانی یەکەم، بە بەرزیی (١٠٠ سم)، بە هەمان شێوە نیوەبازنەییە (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٣) (وێنەی ژمارە ٢).



**وێنەی ژمارە (٢) / دەروازەی سەرەکیی قشڵە**

کەوان بە یەکێک لە ڕەگەزەکانی بیناسازیی ئیسلامی دادەنرێت و زیاتر پشت بە یەک ناوەند یان زیاتر دەبەستێت (وەزیری، ٢٠٠٥: ٦١). یەکێک لە سوودی ئەم کەوانانە، دەبنە هۆی دابەشکردنی ئەم قورساییەی لەسەریەتی بۆ سەر دیوارەکان (ئەلنەوار، ٢٠٠٣: ١٢٦). ئەم دەروازەیە بە شێوەیەکی

گەورە دروست کراوە. پانیی دەروازەکە (٢٤٠ سم)ـە، بەڵام بەرزییەکەی (٢٩٠ سم)ـە. دەرگا ڕەسەنەکەی لە پارچە تەختەی ڕێک و بزماری ئاسن دروست کراوە. ئەم بزمارانە بۆ بەیەکەوەبەستنی پارچە تەختەکان بەکار هاتووە. شێوەی بزمارەکان پێک هاتووە لە سەرێکی پان و قەدێکی باریک بە شێوەیەکی زۆر سەرنجراکێشن. ئەم دەرگایە لە دوو بەش پێک هاتووە. بەشی ناوەوەی قفڵێکی پێوەیە، بۆ داخستنی دەرگاکە بەکار هاتووە. (وێنەی ژمارە ٣).



**وێنەی ژمارە (٣) / نموونەیەک لە دەرگای داری کۆنی قشڵە**

لەسەرەوەی دەروازەکە پارچەدارێکی پان و ڕێکی بۆ دانراوە، ئەمەش بۆ ئەوەی سەرەوەی دەروازەکە ڕابگرێت. ئەو دەرگایەی کە لەسەرەتادا پێوەی بوو، لێ کراوەتەوە؛ دەرگایەکی ئاسن لە جێگای دانراوە (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٣).

## ٢- ڕاڕەو (مەمەڕ):

ئەم ڕاڕەوە تاکە ڕاڕەوە لەم قشڵەیەدا. کاتێک لە دەروازەی قشڵەکە دێیتە ژوورەوە، ڕاستەوخۆ دێیتە ناو ڕاڕەوەکەوە. درێژیی ڕاڕەوەکە (٧٧٧ سم)ـە؛ پانییەکەشی (٢٨٠ سم)ـە. بەرزیی ڕاڕەوەکە تاکوو سەقفەکەی (٣٨٠ سم)ـە. بەڵام ئەم ڕاڕەوە سێ کەوانی تێدایە؛ بەرزیی ڕاڕەوەکە تاکوو کەوانەکان (٣١٨ سم) ـە. ئەم ڕاڕەوە چوار ژوور لەخۆ دەگرێت؛ دووانیان لە ژوورەکان دەکەونە بەشی ڕۆژهەڵات، دووەکەی تریش دەکەونە بەشی ڕۆژاوا. سەقفی ڕاڕەوەکە بە شێوەیەکی لانکی دروست کراوە؛ بە سێ کەوان ڕاگیراوە، کە ئەم کەوانانەش بوونەتە هۆی ئەوەی، ئەو قورساییەی سەقفەکە لەسەریەتی، دابەشی سەر دیواری ژوورەکان بکات. کاتێک لە دەروازەی قشڵەکە دێیتە ژوورەوە و بە ڕاڕەوەکەدا تێ دەپەڕیت، ڕاستەوخۆ دەچیتە حەوشەی قشڵەکە. ئەمەش تاکە ڕاڕەوە بۆ ئەوەی بێیتە حەوشەی قشڵەکە (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٣) (وێنەی ژمارە ٤).



**وێنەی ژمارە (٤)/ ڕاڕەو (مەمەڕ)ی سەرەکیی قشڵە**

## ٣- حەوشە:

حەوشە بۆشاییەکی گەورەیە، دەکەوێتە ناوەڕاستی خانووەکە؛ لە چواردەوری، پێکهاتەی خانووەکەی لێ دروست کراوە. لە حەوشەکەوە دەتوانی بچیتە هەموو ئەو بەشانەی لە چواردەوری حەوشەکە دروست کراون و دەرگا و پەنجەرەکانیان لەسەر حەوشەکە دەبێتەوە. بۆ هەواگۆڕکێ سوودی لێ دەبینن (ئەلحەیدەری، ٢٠٠٨: ٨٢). ئاووهەوای عێراق (ناوەڕاست و باشوور)، بەگشتی ناسراوە بە گەرمای زۆر و بارانی کەم. لەبەر ئەوەی لەم ناوچەیەدا، مرۆڤ لە سەردەمە کۆنەکان حەوشەیان دروست کردووە، دەوروبەریان کردووە بە ژوور و دیوارەکانیان بەرز کردووەتەوە بە شێوەیەکی داخراو (برادۆستی، ٢٠٠٧: ٢٧).

حەوشەی قشڵە بە شێوەیەکی نیمچە چوارگۆشە دروست کراوە. درێژیی حەوشەکە (١٤٤٥ سم) ـە؛ پانییەکەی (١٣٠٠ سم)ـە. هەموو ژوورەکان لە

چواردەوری حەوشەکە دروست کراون. حەوشەکە پەیژەیەکی تێدایە لە زاویـەی بەشی باکوور؛ تاکە پەیژەیە، مەبەستمە، بچیت بۆ نهۆمی دووەم. لە بەرانبەر ئەم پەیژەیە پێ دەچێت پەیژەیەکی تر هەبوو بێت، بەڵام نەماوە. چونکە شێوازی دروستکردنی پەیژەکانی ئەم قشڵەیە وەکوو شێوازی پەیژەی هەندێک لە قشڵەکانی ترە، وەکوو قشڵەی مەخموور؛ لە دوو لاوە سەر دەکەویت بۆ نهۆمی دووەم (وێنەی ژمارە ٥).



وێنەی ژمارە ٥: نموونەیەک لە پەیژەی قشڵەی مەخموور

ئەمەش بەهۆی زیادکردنی تارمەیەک لە سەرەوە، دوو پەیژەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. حەوشەی قشڵەکە ئێستا بە چیمەنتۆ داڕێـژراوە، بـەڵام لە سەرەتادا بەم شێوەیە نەبووە؛ بەڵکوو لە بەردی ڕێک، یاخود وردەبەرد، بەکار هاتووە. ئەمەش حاڵەتێکی باو بووە لە بیناسازیی عوسمانییەکان (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٣).

## ٤- بەشی باکوور:

بەشی ناوەوە لەلای باکووری قشڵە، دەروازەی سەرەکیی قشڵەکە لەگەڵ (٤) ژوورە؛ دوو ژووریان دەکەونە بەشی ڕۆژهـەڵاتـی؛ دوو ژوورەکـەی تر دەکەونە بەشی ڕۆژاوای. کاتێک لە دەروازەی سەرەکی دێیتە ژوورەوە، بە لای ڕۆژاوای دوو ژووری هەیە؛ ژووری یەکەمیان دەرگایەکی شێوەلاکێشەیی هەیە؛ پانییەکەی (١٠٠ سم)ـە؛ بەرزییەکەی (١٩٥ سم)ـە؛ دەرگاکەی لە پارچە تەختە و بزماری ئاسن دروست کراوە. هەروەها لە دەرگاکەی ئاسنێکی پێوەیە کە وەک زەنگ بۆ لێدانی دەرگاکە بەکار هاتووە (وێنەی ژمارە ٦).



وێنەی ژمارە ٦: دەرگای یەکێک لە ژوورەکانی بەشی ڕۆژاوای ڕاڕەو

لە پشتەوەی دەرگاکە قفڵێکی پێوەیە؛ بۆ پێوەدانی دەرگاکە بەکار هـاتووە؛ لە ئاسن دروست کراوە (وێنەی ژمارە ٧).



وێنەی ژمارە ٧: قفڵی یەکێک لە دەرگای ژوورەکان لە ڕووی ناوەوە

ئـەم ژووره بە شێوەیەکی لاکێشەیی دروست کراوە؛ درێژییەکەی (٤٩٠ سم)ـە؛ پانییەکەی (٣٧٠ سم)ـە؛ بەرزییەکەی لە بەرزترین خاڵ (٣٦٥ سم)ـە؛

سەقفەکەی لە شێوەی گومەزە (قوبە) دروست کراوە. ئەم ژوورە (٣) پەنجەرە و (٢) تاقی تێدایە؛ یەکێک لە پەنجەرەکان دەڕوانێتە ناو ڕاڕەوەکە؛ دووانەکەی تریان کەوتوونەتە بەشی دەرەوەی قشڵەکە. بەرزیی پەنجەرەکان لە ڕووی ناوەوەی (١٦٥ سم)ە؛ پانییان (١٠٠ سم)ە. ئەو پەنجەرەیەی کەوتووەتە ناو ڕاڕەوەکەوە، لە ڕووی دەرەوەی بەرزییەکەی (١٦٥ سم)ە؛ پانییەکەی (٩٣ سم)ە (وێنەی ژمارە ٨).



**وێنەی ژمارە ٨: نموونەی یەکێک لە پەنجەرەی ژوورەکان**

پێوانەی تاقەکان: پانییان (٩٠ سم)ە؛ بەرزییان (١٥٨ سم)ە؛ قووڵییان (٦٠ سم)ە (وێنەی ژمارە ٩).

کەمێک جیاوازی لە پێوانەی تاقەکاندا هەیە؛ ئەمەش بەهۆی دەستکاریکردنی خەڵک لەم دواییانەدا. پەنجەرەکانی ئەم ژوورە لە دار و ئاسن دروست کراون؛ کە چوارچێوەکەی لە دار دروست کراوە، بۆ ئەوەی کاتێک ئاسنەکان دەچنە ناوی، بەئاسانی دەرنەیەن. ناوەوەی پەنجەرەکان لە ئاسن دروست کراوە، لە شێوەی چەند چوارگۆشەیەک، کە تا ڕادەیەک گەورەن (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٣). ئەم ژوورە وەک ژووری چاودێری لەسەر قشڵە بەکار هاتووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید مەجید حەسەن، ڕۆژی دووشەممە، ٢٠١٢/١٠/٢٢).



**وێنەی ژمارە ٩: یەکێک لە تاقەکانی نهۆمی خوارەوە**

لە تەنیشت ئەم ژوورە ژوورێکی تر هەیە؛ لەنێوانیان دیوارێکی پان هەیە (وێنەی ژمارە ١٠).



**وێنەی ژمارە ١٠: دوو ژوور لە ڕۆژاوای ڕاڕەو**

پانیی دەرگاکە (٨١ سم)ە؛ بەرزییەکەی (١٨٣ سم)ە؛ دەرگاکەی لە ئاسن دروست کراوە (وێنەی ژمارە ١١).



**وێنەی ژمارە ١١: دەرگای یەکێک لە ژوورەکانی ڕۆژاوای ڕاڕەو/ لە ئاسن دروست کراوە**

ئەم ژووره بە شێوەیەکی بچووکتر لە ژوورەکەی تەنیشتی دروست کراوە. درێژیی ئەم ژووره (٥٢٨ سم)ە؛ پانییەکەی (٢٥٣ سم)ە؛ بەرزییەکەی (٣٤٦ سم)ە. سەقفی ژوورەکە لە شێوەی گومەزە (قوبە) دروست کراوە. کەوانێک لە ناوەڕاستی دیواری لای باشووری ژوورەکە دروست کراوە و بەرز بووەتەوە بۆ سەقفەکە؛ بەڵام لە کۆتاییی گومەزەکە، کەوانەکەش کۆتاییی دێت. درێژیی کەوانەکە (٧٧ سم)ە؛ قووڵیی کەوانەکە (٣٠ سم)ە. ئەم ژووره (٢) تاق و (٣) بۆشاییی تێدایە؛ بەڵام یەکێک لە تاقەکان تێک دراوە و کراوە بە پەنجەرە. پانیی تاقەکان (٨٠ سم)ە؛ بەرزییان (١٢٦ سم)ە؛ قووڵییان (٦٠ سم)ە. بەرزیی بۆشاییەکان (٣٠ سم)ە؛ پانییان (١٨ سم)ە. هەروەها دوو لە بۆشاییەکان کەوتوونەتە حەوشەوە؛ یەکێکیان کەوتووەتە ڕاڕەوەکە؛ لەسەر دەرگاکەی دروست کراوە، لە بەشی سەرەوەی لای باشوور و ڕۆژهەڵاتی ژوورەکە. بە کەوانی نیوەبازنەیی دروست کراوە، بە شێوەی تاق، کە دووانیان دەکەونە بەشی باشوورەوە؛ یەکیشیان دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵات، لەسەر دەرگاکە. (وێنەی ژمارە ١٢).



**وێنەی ژمارە ١٢: نموونەی تاقێک لە دوو ژووره بچووکەکەی لاکانی ڕاڕەو**

بۆشاییەکان بەکار هاتوون بۆ هاتنەژوورەوەی ڕووناکی و بۆ هەواگۆڕکێی ژوورەکان (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٣). ئەم ژووره لە کۆندا وەک زیندان بەکار هاتووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید مەجید حەسەن، ڕۆژی دووشەممە، ٢٠١٢/١٠/٢٢).

لەلای بەشی باکوور لە ڕووی ڕۆژهەڵاتییەوە، کاتێک لە دەروازەکە دێیتە ژوورەوە، لەلای ڕۆژهەڵات دوو ژوور هەیە، لەسەر هەمان شێوازی ژوورەکانی لای ڕۆژاوا دروست کراون (وێنەی ژمارە ١٣). بەڵام ژووره بچووکەکە دوو تاقەکەی کراوەتە پەنجەرە؛ پانییان (٨٠ سم)ە؛ بەرزییان (١١٦ سم)ە؛ قووڵییان (٤٠ سم)ە؛ لە کۆندا تاق بوونە. چونکە شوێنی تێکدانی تاقەکان بەڕوونی دیارە، کە لەلایەن خەڵکەوە لەم کۆتاییانەدا دەستکاری کراوە (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٣).



**وێنەی ژمارە ١٣: دوو ژوور لە ڕۆژهەڵاتی ڕاڕەو**

## ٥- بەشی ڕۆژاوا:

لە بەشی ناوەوەی قشڵە، لەلای ڕۆژاوا، لە دوو ژووری فراوان پێک دێت (وێنەی ژمارە ١٤).



**وێنەی ژمارە ١٤: دوو ژوور لە بەشی ڕۆژاوا**

ئەم ژوورانە دەرگاکانیان تا ڕادەیەک بچووکن و بە شێوەیەکی لاکێشەیی دروست کراون. پانیی دەرگاکان (١٠٠ سم)ە؛ بەرزییەکانیان (١٨٠ سم)ە. ئەم ژوورانە

به شێوەیەکی نزمتر لە حەوشەکە دروست کراون. درێژیی ئەم ژوورانە (١٠٠٠ سم)ە؛ پانییان (٣٩٤ سم)ە؛ بەرزییان (٣٥٠ سم)ە. هەر یەکێک لەم ژوورانە دوو کەوانی شێوە نیوەبازنەییان تێدایە. سەقفی ژوورەکان بە شێوەی ڕاست دروست کراون (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٤). بەڵام بەگوێرەی بۆچوونی (محەممەد مەحموود عەبدوڵڵا)، وتی سەقفی ژوورەکان لە سەرەتادا بە شێوەی گومەزە (قوبە) بووە؛ بەڵام دوای ئەوەی کە گومەزەکانی دەڕووخێن، ئەوا بە شێوەیەکی ڕاست دروست دەکرێتەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ محەممەد مەحموود عەبدوڵڵا، ڕۆژی دووشەممە، ٢٠١٢/١٠/٢٤). ئەو کەوانەی لە ژوورەکاندایە، درێژییان (٧٧ سم)ە؛ قووڵییان (٣٠ سم)ە. ئەم ژوورانە چوار پەنجەرەی بچووکیان تێدایە؛ (٢) پەنجەرەیان دەکەونە بەشی پێشەوەی قشڵە؛ (٢)ەکەی تریان دەکەونە بەشی ڕۆژاوای قشڵە. بەرزیی ئەم پەنجەرانە (٦٥ سم)ە؛ پانییان (٥٥ سم)ە. ئەم پەنجەرانە بە هەمان شێوەی پەنجەرەکانی تر لە دار و ئاسن دروست کراون؛ چوارچێوەکەی دارە و ناوەوەی پەنجەرەکە لە ئاسن دروست کراوە. ئەمەش بۆ ئەوەی ئاسنەکان بچنە ناو دارەکە و بەئاسانی دەرنەیەن. لە ڕووی ناوەوەی لە چەند چوارگۆشەی بچووک پێک هاتووە؛ ئەمەش بەهۆی یەکتربڕینی ئاسنەکان دروست بووە (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٤).

هەروەها ئەم ژوورانە وەکوو تەویلە بۆ مانەوە و بەخێوکردنی ئاژەڵەکان بەکار هاتووە، بەتایبەتی (ئەسپ) کە وەکوو هۆکارێکی گواستنەوە لەم سەردەمەدا بەکار هاتوون (چاوپێکەوتن لەگەڵ قاسم محەممەد گەردی، ڕۆژی دووشەممە، ٢٠١٢/١٠/٢٤). بەڵام ژووری دووەم لە زاویەی کۆتایی، کەمێکی ڕووخاوە و تێک چووە (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٤).

### ٦- بەشی باشوور:

لە بەشی ناوەوەی لای باشووری قشڵەکە، کە دەکاتە بەشی دواوەی قشڵەکە، لەم بەشەدا (٢) شوێنی بچووک لە زاویەکان دروست کراون، کە وەکوو تارمەیەک وایە؛ بەشی پێشەوەی بە کەوانێکی نیوەبازنەیی دەست پێ دەکات؛ درێژییان (٢٨٠ سم)ە؛ پانییەکەیان (٢٠٠ سم)ە؛ بەرزییەکەیان (٣٢٥ سم)ە؛ سەقفەکانیان لە شێوەی گومەز دروست کراون، بەڵام لە سەرەوە بە شێوەیەکی ڕاستە. یەکێک لەم ژوورانەی کە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵات، ژوورێکیان بە بلۆک دروست کردووە؛ کە ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەم کۆتاییانەدا خێزانێکی تێدا نیشتەجێ بووە، دەستکارییان کردووە (وێنەی ژمارە ١٥).



**وێنەی ژمارە ١٥: نموونەی یەکێک لە ژوورەکانی باشووری قشڵە**

کەمێک لەلای پێشەوەی ڕووخاوە؛ ئەمەش بەهۆی کاریگەریی ئاووهەوا (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٤). ئەم دوو شوێنە لە کاتی خۆی، وەکوو شوێنێک بۆ پێدانی ئالیکی ئاژەڵەکان، بەکار هاتووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ قاسم محەممەد گەردی، ڕۆژی دووشەممە، ٢٠١٢/١٠/٢٤).

### ٧- بەشی ڕۆژهەڵات:

ئەم بەشە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قشڵە. ئەم بەشە لە ڕووی دەرەوەدا دەڕوانێتە سەر شەقامی سەرەکی. لە ڕووی ناوەوەی لە دوو ژووری فراوان پێک دێت (وێنەی ژمارە ١٦).



**وێنەی ژمارە ١٦: ڕۆژهەڵاتی قشڵە**

لەسەر هەمان شێوە و پێوانەی ژوورەکانی بەشی ڕۆژاوا دروست کراون. زاویەی یەکێک لە ژوورەکان، کەوتووەتە بەشی باشووری، کەمێک ڕووخاوە؛ ئەمەش بەهۆی کاریگەریی ئاووهەواوە بووە. هەر یەکێک لەم ژوورانەدا (٤) پەنجەرەی بچووکی تێدایە. ئەو ژوورەی کەوتووەتە بەشی باکوور، دیوارێکی لە ناوەڕاستدا دروست کراوە؛ وەکوو ژوورێکی بچووکی لێ جیا کراوەتەوە؛ دەرگایەکی بچووکی لە ناوەڕاستی دیوارەکەدا دروست کراوە. ئەم ژوورەش لەم دواییانەدا دروست کراوە؛ چونکە دیواری سەرەکیی ئەم ژوورە لەگەڵ ئەم دیوارەی کە لە ناوەڕاستدا دروست کراوە، تێکهەڵکێش نەکراون؛ بەڵکوو پێ دەچێت لەم ساڵانەی دواییدا دروست کرابێت. سەرەڕای ئەمەش ئەو دەرگایەی دروست کراوە، لەناو ژوورەکەدایە، ناڕوانێتە سەر حەوشەکە؛ بۆیە ئەم حاڵەتەش تەنها لەم ژوورەدا دەبینرێت (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٤).

**٨- نهۆمی دووەم:**

نهۆمی دووەمی قشڵە کەوتووەتە ناوەڕاستی دیواری لای باکوور. پەیژەیەکی هەیە، کەوتووەتە زاویەی باکووری ڕۆژاوای؛ ئەمەش بە تاکە پەیژە دادەنرێت تا ئێستا مابێت. ئەم پەیژەیەی ماوە، تەنها (٩) پایەی ماوە و بەشی سەرەوەی ڕووخاوە. درێژیی پەیژەکە (٣٤٠ سم)ە؛ پانییەکەی (١٨٨ سم)ە؛ بەرزییەکەی (١٩٠ سم)ە. پێوانەی پایەکان: درێژییان (١٨٨ سم)ە؛ پانییەکەیان (٣٥ سم)ە؛ بەرزییەکانیان (١٠ سم)ە (وێنەی ژمارە ١٧).



**وێنەی ژمارە ١٧: پەیژەی قشڵە**

هەروەکوو لە سەرەتادا ئاماژەمان پێ کرد، دەبێت پەیژەیەکی تر لە بەرانبەری دروست کرابێت؛ لە بەشی سەرەوەی بەهۆی زیادکردنی تارمەیەک، هەردوو پەیژەکەی لە بەشی سەرەوەدا بەیەک دەگەن لە نهۆمی دووەم. کاتێک بە پەیژەکە سەر دەکەویت بۆ نهۆمی دووەم، تارمەیەک لە پێش ئەیوانی و ژوورەکانی نهۆمی دووەم زیاد بووە؛ درێژییەکەی (١٥٧٥ سم)ە؛ پانییەکەی (٢٦٣ سم)ە (وێنەی ژمارە ١٨).



**وێنەی ژمارە ١٨: بەشی باکوور**

لە هەموو سەربانەکەدا، لە تەنیشتەکانی کەمێک بەرز بووەتەوە؛ تەنها ئەم شوێنەی کە پەیژەکەی لێیە بۆ نهۆمی دووەم دێت، لێوارەکەی بەرز نەبووەتەوە.

بەرزیی ئەم لێوارە (٢٥ سم)ە؛ پانییەکەی (٦٠ سم)ە. ئەم نهۆمە پێک هاتووە لە ئەیوانێک و دوو ژوور. ئەم ژوورانە کەوتوونەتە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئەیوانەکە. ئەم ژوورانە ڕاستەوخۆ لەسەر ژوورە گەورەکانی نهۆمی یەکەم دروست کراون؛ لەسەر ئەو ژوورانەی کاتێک لە دەروازەکەدا دێیتە ژوورەوە، لەسەر یەکەم ژوورەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادایە (وێنەی ژمارە ١٨). ئەیوانەکەی نهۆمی دووەم ڕووی کەوتووەتە لای باشوور؛ دەڕوانێتە سەر حەوشەکە. هەر یەکێک لە ژوورەکان دوو پەنجەرەیان دەڕوانێتە سەر حەوشەکە (وێنەی ژمارە ١٩).



**وێنەی ژمارە ١٩: نهۆمی دووەمی قشڵە**

سەرەتای ئەیوانەکە بە کەوانێکی نیوەبازنەیی دەست پێ دەکات. درێژیی ئەیوانەکە (٤٣٥ سم)ە؛ پانییەکەی (٢٨٨ سم)ە؛ بەرزییەکەی (٣٩٠ سم)ە. لە ئەیوانەکەدا یەک پەنجەرەی تێدایە، دەڕوانێتە سەر دەروازەی قشڵە؛ بەرزییەکەی (١٦٥ سم)ە؛ پانییەکەی (٨٣ سم)ە. لە ئەیوانەکەدا دوو تاقی تێدایە؛ هەر یەکێک لە تاقەکان لە دیواری یەکێک لە ژوورەکاندا دروست کراوە؛ درێژییەکەیان (٨٣ سم)ە؛ بەرزییەکەیان (١٦٣ سم)ە؛ قووڵییان (٢٨ سم)ە. تاقەکانی نهۆمی یەکەم بە شێوەیەکی پانتر دروست کراون لە تاقەکانی نهۆمی دووەم (وێنەی ژمارە ٢٠).



**وێنەی ژمارە ٢٠: یەکێک لە تاقەکانی نهۆمی دووەم**

(کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٤). ئەمەش بەهۆی پانیی دیوارەکانی نهۆمی یەکەم لە نهۆمی دووەم. بەهۆی کاریگەریی بیناسازییەوەیە؛ هەرچەند بەرەو سەرەوە بڕۆیت و نهۆمی تر زیاد کەیت، ئەوا دیوارەکانی باریکتر دەبنەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی ئەم قورساییەی کە هەیە، تا ڕادەیەک لەسەر نهۆمی یەکەم کەم بێتەوە. ئەو ژوورانەی دەکەونە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئەیوانەکە، دەرگایەکی شێوە لاکێشەییان هەیە؛ پانییەکەی (١٠٠ سم)ە؛ بەرزییەکەی (١٩٠ سم)ە. ئەم دەرگایەش وەکوو هەموو دەرگاکانی تر، لە سەرەکەی پارچە تەختەیەک هەیە؛ ئەمەش بۆ ڕاگرتنی ئەم قورساییەی دیوارەکە لەسەر دەرگاکە، بەکار هاتووە (وێنەی ژمارە ٢١).



**وێنەی ژمارە ٢١: بەکارهێنانی دار لەسەر دەرگا**

درێژیی ئەم ژوورانە (٥١٤ سم)ە؛ پانییەکەیان (٣٧٥ سم)ە؛ بەرزیی ژوورەکان (٤٠٠ سم)ە. هەر یەکێک لەم ژوورانە چوار پەنجەرە و تاقێکیان تێدایە؛ دوو لە پەنجەرەکانیان دەڕواننە دەرەوەی قشڵەکە؛ دووەکەی تریان دەڕواننە سەر حەوشەی قشڵە. ئەو تاقانەی لە ژوورەکاندا هەیە، لە ڕووی پێوانەوە جیاوازییان هەیە لەگەڵ تاقەکانی ئەیوانی. درێژیی تاقەکان (٩٢ سم)ە؛ بەرزیی تاقەکان (١٧٣ سم)ە. پێوانەی پەنجەرەکان لە ڕووی ناوەوەی: بەرزییان (١٧٠ سم)ە؛ پانییان (١٠٠ سم)ە. ئەم پەنجەرانەش بە هەمان شێوەی پەنجەرەکانی تر، لە دار و ئاسن دروست کراون (وێنەی ژمارە ٢٢). سەقفی ژوورەکان لە شێوەی گومەزە دروست کراون (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٤).



**وێنەی ژمارە ٢٢: نموونەی یەکێک لە پەنجەرەکانی قشڵە**

### ٤.٠٦. کەرەستەی بیناسازی:

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بیناسازی لە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار، بەکارهێنانی خشت بووە؛ دەورێکی گرنگی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی بیناسازی. بە شێوەیەکی بەهێز و باش دروست دەکرا، بۆ ئەوەی بەرگرییەکی باش و بەردەوامی هەبێت، وەکوو دروستکردنی شوێنەوارەکانی بابل، ئوور، ئاشوور و نەینەوا، تاکوو سەردەمی ئێستا بەردەوامیی هەیە (برادۆستی، ٢٠٢٢: ١٢٣). بەڵام ئەو کەرەستانەی بەکار دەهاتن لە بەشەکانی بینادا لە سەردەمەکانی دواتر، کە دەبنە هۆی بەهێزبوونی، بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت، بێ ئەوەی کە هیچ بەشێکی تێک بچێت، ئەو کەرەستانەش وەکوو (بەرد، گەچ، قسڵ، قوڕ) بەکار دەهات. ئەو کەرەستانەش لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، یاخود لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، یان بەهۆی هۆکاری سروشتی، کەرەستەکان دەگۆڕێت، یاخود بەهۆی زۆریی ئەو کەرەستەیە لە ناوچەکەدا هەیە؛ بۆیە ئەم هۆکارانە کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بینا هەیە (بقعەین، ٢٠٠٣: ١٦٢). ئەو کەرەستانەی کە لە بنیاتنانی ئەم قشڵەیە بەکار هاتووە، بریتین لە (بەرد، قسڵ، گەچ، دار، ئاسن). هەموو قشڵەکە لە بەردی ڕێکنەکراو بنیات نراوە؛ کەرەستەی قسڵ بەکار هاتووە بۆ بەستنەوەی بەردەکان بەیەکەوە (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٤). قسڵ سوودی ئەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی بیناکە بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی ڕابگرێت لە بەرانبەر هۆکاری سروشتی. کەرەستەی گەچ بەکار هاتووە بۆ گەچکاریکردنی دیوارەکانی قشڵە. کەرەستەی دار بەکار هاتووە لە دەرگاکانی و لەسەر دەرگاکان بۆ ڕاگرتنی ئەو قورساییەی کە لەسەر دەرگاکە هەیە؛ چوارچێوەی پەنجەرەکانیش لە دار دروست کراوە. کەرەستەی ئاسن لەناو پەنجەرەکان بەکار هاتووە. ناو ژوورەکان دەستکاری کراوە؛ لە کاتی ئێستای بە چیمەنتۆ داڕێژراوەتەوە؛ بەڵام پێ دەچێت پێشتر لە بەرد، یاخود وردەبەرد، داڕێژرابێت. بەشێک لە ژوورەکان سەرلەنوێ گەچکاری کراوە؛ ئەمەش بەهۆی ئەم خەڵکەی لەم شوێنەدا نیشتەجێ بووە. سەربانی قشڵەکەش بە هەمان شێوە بە چیمەنتۆ داڕێژراوە؛ وا پێ دەچێت دوای نەمانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەم ناوچەیەدا، ئەم زیادکارییانەیان کردبێت لەم قشڵەیەدا. بۆیە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە بەهۆی کاریگەریی کەرەستەکانی ناوچەکە بووە،

ئەم جۆرە کەرەستانە بەکار بێنن لە دروستکردنی ئەم قشڵەدا (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٤).

**٤.٠٧. بەراوردکردنی قشڵەی گوێڕ لەگەڵ قشڵەکانی (مەخموور، کەرکووك، هەولێر، کۆیە):**

قشڵەی گوێڕ بەراورد لەگەڵ چەند قشڵەیەکی تر دەکەین، کە دەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییی سەردەمی عوسمانی؛ لەلایەن چەند لێکۆڵەرێک لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. لە کاتی بەراوردکارییەکە دەردەکەوێت چەند لێکچوون و جیاوازییەک هەیە لەنێوان قشڵەی گوێڕ و قشڵەکانی (مەخموور، کەرکووک، هەولێر، کۆیە). لە ڕووی خاڵی لێکچوونەوە لەنێوان قشڵەکاندا هەیە: هەموو قشڵەکان بە ناوی ئەم شوێنە کراوە کە لێی دروست کراوە؛ دەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییی دەسەڵاتی عوسمانی؛ بۆ لایەنی سەربازی و کارگێڕی بەکار هاتوون؛ لە سەنتەری شارەکان دروست کراون؛ یەک دەروازەیان هەیە، تەنها قشڵەی مەخموور نەبێت کە دوو دەروازەی هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا یەک دەروازەی هەبووە (حەسەن، ٢٠٠٩: ٨٢٠-٨٢٣). چونکە کاتێک (بارۆن ئیدوارد نۆلد)، گەشتیارێکی ئەڵمانی، سەردانی ئەم ناوچەیە دەکات، کە لە ساڵی ١٨٩٢ز دێتە ئەم ناوچەیە، باسی ئەم قشڵەیە دەکات و دەڵێت ئەم قشڵەیە یەک دەروازەی قایمی هەیە؛ هیچ پەنجەرەیەکی نییە لە ڕووی پێشەوە (نۆڵد، ٢٠٠٤: ٣٤).

لە ناوەڕاستی قشڵەکان حەوشە هەیە. بە شێوەیەکی گشتی ئەو کەرەستانەی بەکار هاتوون، زیاتر (بەرد، گەچ، قسڵ) بووە.

بەڵام چەند خاڵێک لە ڕووی جیاوازییەوە لەنێوان ئەم قشڵەیە و قشڵەکانی تردا هەیە:

١- سەبارەت بە مێژووی دروستکردنی قشڵەکان، قشڵەی گوێڕ لەبارەی مێژووی دروستکردنیەوە، چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیە؛ یەکێک لە بۆچوونەکان مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٨٨٠ز) دەگەڕێنێتەوە؛ بەڵام یەکێکی تر لە بۆچوونەکان بۆ ساڵی (١٩٠٣ز) دەگەڕێنێتەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ قاسم محەممەد گەردی، ڕۆژی دووشەممە، ٢٠١٢/١٠/٢٢).

بەڵام سەبارەت بە مێژووی قشڵەی مەخموور، مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٩٠٧ز) دەگەڕێتەوە (حەسەن، ٢٠٠٩: ٨٢٠-٨٢٣). قشڵەی کەرکووک مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٨٨٠ز) دەیگەڕێننەوە؛ لەو کاتەی کە (محەممەد نامیق پاشا) والیی بەغدا بووە (هەرە، ١٩٨٥-١٩٨٦: ١٠٩-١١٢). مێژووی قشڵەی هەولێر بۆ ساڵی (١٩١٠ز) دەگەڕێتەوە؛ واتە کۆتاییی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم (برادۆستی، ٢٠١١: ٨١٢-٨١٩). بەڵام چەند بۆچوونێک دەربارەی مێژووی دروستکردنی قشڵەی کۆیە هەیە؛ یەکێک لە بۆچوونەکان دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی مەمالیک؛ بەڵام بۆچوونێکی تر دەیگەڕێنێتەوە بۆ نێوان ساڵانی (١٨٦٩-١٨٧٢ز)؛ لە سەردەمی دەسەڵاتی (مەدحەت پاشا) دروست کراوە؛ ئەو کاتە والیی بەغدا بوو (برادۆستی، ٢٠٠٩: ٨١٢-٨١٩).

٢- بەڵام سەبارەت بە شوێنی قشڵەکان، شوێنی قشڵەی گوێڕ دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی گوێڕ؛ کە بەشی (باکوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژاوا)ـی شەقامە (برادۆستی، ٢٠١٨: ٩٣). بەڵام قشڵەی مەخموور دەکەوێتە سەنتەری شارۆچکەکە؛ بەشی (باکوور، باشوور)ی شەقامە؛ بەڵام بەشەکانی تری دووکانی لێ دروست کراوە (حەسەن، ٢٠٠٩: ٨٢٠-٨٢٣). قشڵەی کەرکووک شوێنەکەی دەکەوێتە سەنتەری شارەکەوە؛ لە لاکانی شەقام هەیە (هەرە، ١٩٨٥-١٩٨٦: ١٠٩-١١٢). قشڵەی هەولێر دەکەوێتە سەنتەری شارەوە، بە دووریی (١ کم) لە ڕۆژاوای قەڵایە (برادۆستی، ٢٠١١: ٨١٢-٨١٩). قشڵەی کۆیە دەکەوێتە سەنتەری شار، بە لای ڕۆژاوای، لەسەر بەرزاییەک دروست کراوە کە دەوروبەرەکەی چۆڵە (برادۆستی، ٢٠٠٩: ٨١٢-٨١٩).

٣- ئەگەر بەراوردکارییەک بکەین لە ڕووی شێوەوە، ئەو جیاوازییەمان بۆ دەردەکەوێت کە شێوەی قشڵەی گوێڕ چوارگۆشەیە، یاخود نزیک لە چوارگۆشەیە (برادۆستی، ٢٠١٨: ٩٥). بەڵام قشڵەی مەخموور شێوەیەکی لاکێشەییی هەیە (حەسەن، ٢٠٠٩: ٨٢٠-٨٢٣). شێوەی قشڵەی کەرکووک

لاکێشەیە (هەرە، ١٩٨٥-١٩٨٦: ١٠٩-١١٢). قشڵەی هەولێر شێوەیەکی لاکێشەیی نزیک لە چوارگۆشەی هەیە (برادۆستی، ٢٠١١: ٨١٢-٨١٩). بەڵام شێوەی قشڵەی کۆیە شێوەیەکی لاکێشەیی ناڕێکی هەیە (برادۆستی، ٢٠٠٩: ٨١٢-٨١٩). بەڵام لە ڕووی ڕووبەرەوە، ڕووبەری قشڵەی گوێڕ (٥٥٠,٢٩ م٢)ە (کاری مەیدانی، ٢٠١٢/١٠/٢٤). قشڵەی مەخموور (٨٨٨ م٢)ە (حەسەن، ٢٠٠٩: ٨٢٠-٨٢٣). قشڵەی کەرکووک ڕووبەرەکەی (١٢٥٢٤ م٢)ە (هەرە، ١٩٨٥-١٩٨٦: ١٠٩-١١٢). قشڵەی هەولێر (١٦٠٩,٥٠ م٢)ە (برادۆستی، ٢٠١١: ٨١٢-٨١٩). ڕووبەری قشڵەی کۆیە (٧٦٠٣,٣٠ م٢)ە (برادۆستی، ٢٠٠٩: ٨١٢-٨١٩).

٤- ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین، ئەو بەراوردکارییەیە لە ڕووی بیناسازییەوە هەیە، کە بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت: لە ڕووی بیناسازییەوە قشڵەی گوێڕ لە دوو نهۆم پێک هاتووە؛ یەک دەروازەی هەیە؛ کاتێک لە دەروازەکە دەچیتە ژوورەوە، ڕاڕەوێکی هەیە؛ لە لاکانی ژوور دروست کراوە؛ لەم ڕاڕەوە دەرچوویت، ڕاستەوخۆ دەچیتە حەوشەکەوە؛ لە دەوروبەری حەوشەکە یەکەی بیناسازی دروست کراوە، وەکوو ژوور و هۆڵ؛ یەک پەیژەی هەیە، دەکەوێتە بەشی باکوور، کە تاکە پەیژەیە بچیتە نهۆمی دووەم؛ نهۆمی دووەم تەنها لە بەشی باکووری دروست کراوە؛ لە چەند یەکەیەکی بیناسازی پێک هاتووە (برادۆستی، ٢٠١٨: ٩٥).

بەڵام قشڵەی مەخموور لە ڕووی بیناسازییەوە، لە دوو نهۆم پێک دێت؛ دوو دەروازەی هەیە؛ کاتێک لە دەروازەکان دەچیتە ژوورەوە، ڕاڕەوێکیان هەیە کە لە لاکانی ژوور دروست کراوە؛ لەم ڕاڕەوانە دەر دەچیت، ڕاستەوخۆ دەچیتە حەوشەکەوە؛ لە لاکانی یەکەی بیناسازی دروست کراوە؛ چوون بۆ نهۆمی دووەم بەهۆی پەیژەیەکەوەیە کە دەکەوێتە بەشی باشوور، کە لە دوو لاوە بەرز دەبێتەوە؛ لە کۆتاییدا بەهۆی تارمەیەکەوە دەگەن بەیەک. نهۆمی دووەم تەنها لە بەشی (باکوور، باشوور) دروست کراوە، کە لە چەند یەکەیەکی بیناسازی پێک دێت (حەسەن، ٢٠٠٩: ٨٢٠-٨٢٣). قشڵەی کەرکووک لە دوو نهۆم پێک هاتووە و یەک دەروازەی هەیە؛ لە بەشی دەرەوەی، لەلای باشوور و ڕۆژاوای، پاڵپشت بۆ دیوارەکانی دروست کراوە. کاتێک لە دەروازەکە دەر دەچیت، بە هەمان شێوەی قشڵەکانی تر، ڕاڕەوێکی هەیە؛ لە لاکانی ژوور دروست کراوە؛ کە لەم ڕاڕەوە دەر دەچیت، دەچیتە حەوشەکەوە؛ کە یەکەی بیناسازی تەنها لە بەشی باشوور و ڕۆژاوای ماوە، لە شێوەی پیتی (L)ی ئینگلیزییە. لە پێش یەکە بیناسازییەکان ڕەواق هەیە؛ ئەمەش بەهۆی بوونی ڕیزێک ئەستوون؛ کە ئەم ئەستوونانە بەهۆی بوونی کەوانی تیژ بەیەک دەگەن؛ لەنێوان دیواری ژوورەکان و ئەستوونەکان بە هەمان شێوە کەوان هەیە. چوون بۆ نهۆمی دووەم بەهۆی بوونی پەیژەیەکەوەیە. نهۆمی دووەمیش بە هەمان شێوە تەنها لە بەشی باشوور و ڕۆژاوای ماوە؛ بە هەمان شێوەی نهۆمی یەکەمە (هەرە، ١٩٨٥-١٩٨٦: ١٠٩-١١٢). بەڵام قشڵەی هەولێر لە یەک نهۆم پێک دێت؛ یەک دەروازەی هەیە؛ بە هەمان شێوە ڕاڕەوێکی هەیە؛ لە لاکانی ژوور دروست کراوە؛ ئینجا لەو ڕاڕەوە دەرچوویت، دەچیتە حەوشەکەوە. یەکەی بیناسازی تەنها لە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایدا هەیە؛ بەڵام لاکانی تری هیچ یەکەیەکی بیناسازیی لێ نییە (برادۆستی، ٢٠١١: ٨١٢-٨١٩).

قشڵەی کۆیە لە دوو نهۆم پێک هاتووە؛ لە بەشی ڕۆژهەڵاتی پاڵپشت بۆ دیوارەکانی دروست کراوە. یەک دەروازەی هەیە؛ بە هەمان شێوەی قشڵەکانی تر، ڕاڕەوێکی هەیە؛ لە لاکانی ژوور هەیە؛ لە ڕاڕەوەکە دەرچوویت، ڕاستەوخۆ دەچیتە ناو حەوشەکەوە؛ لە هەر چوار زاویەی قولە دروست کراوە. یەکە بیناسازییەکان تەنها لە بەشی ڕۆژهەڵات و باشوور دروست کراون؛ بەڵام لاکانی تری کە لە چەند کەوانێک پێک هاتوون و کونەمەتەرێزیان تێدایە؛ لە بەشی سەرەوەیان ستارەیەکی بەرز هەیە، بە هەمان شێوە کە چەندین کونەمەتەرێزی تێدایە. تاکە قشڵەیە

مزگەوتی تێدا بێت و دەکەوێتە بەشی باشوور، بە لای ڕۆژاوا. دوو گۆڕ هەیە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی. نهۆمی دووەم دەکەوێتە ڕۆژهـەڵات؛ دوو پەیژەی هەیە؛ لە دوو لاوە بەرز دەبێتەوە؛ لە سەرەوە یەک دەگرن. نهۆمی دووەم لە چەند یەکەیەکی بیناسازی پێک هاتووە (برادۆستی، ٢٠٠٩: ٨١٢-٨١٩).

٥- دەروازەی قشڵەکان تا ڕادەیەک لێک جیاوازن. دەروازەی قشڵەی گوێڕ دەکەوێتە بەشی باکوور؛ پێک هاتووە لە کەوانێکی نیوەبازنەیی و کەوانێکی تر ڕاستەوخۆ لەسەر کەوانی یەکەم دروست کراوە، بە هەمان شێوە نیوەبازنەیە (برادۆستی، ٢٠١٨: ١٠٠).

بـەڵام دەروازەکـانـی قشڵەی مەخموور دەکەونە بەشی (بـاکـوور، بـاشـوور)؛ دەروازەی باشوور بە دەروازەی سەرەکی دادەنرێت و کەوانێکی نیوەبازنەیی لەسەر دەروازەکە دروست کراوە و چوارچێوەیەکی بۆ دروست کراوە؛ ئینجا کەوانی دووەم ڕاستەوخۆ لەسەر کەوانی یەکەم دروست کراوە، ئەویش نیوەبازنەیە. دەروازەی باکوور پێک هاتووە لە کەوانێکی نیوەبازنە کە چوارچێوەیەکی بۆ دروسـت کـراوە (حـەسـەن، ٢٠٠٩: ٨٢٠-٨٢٣). دەروازەی قشڵەی کەرکووک پێک هاتووە، بە شێوەیەک لەسەر ئەستوون دروست کراوە؛ کەوانێکی نیوەبازنەییی هەیە؛ لەسەر کەوانەکە بەردێکی شێوە لاکێشەییی باریکە و زەخـرەفـەی نووسینی تێدایە و نووسینی عوسمانیی کۆنە (هەڕە، ١٩٨٥-١٩٨٦: ١٠٩-١١٢). بەڵام دەروازەی قشڵەی هەولێر دەکەوێتە بەشی ڕۆژاوا؛ بە شێوەیەکی زۆر جوان دروست کراوە؛ لە چوار کەوان پێک دێت: کەوانی یەکەمیان (نیوەبازنەیە)، کەوانی دووەمیان (پەڕپەڕی تـیـژە)، کـەوانـی سێیەمیان (کـراوەی سێ بـەشـە)، کەوانی چوارەمیان (تیژە) (برادۆستی، ٢٠١١: ٨١٢-٨١٩). بەڵام دەروازەی قشڵەی کۆیە دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی؛ پێک هاتووە لە کەوانێکی نیوەبازنەیی لەسەر دەروازەکـەوە؛ کەوانێکی تری نیوەبازنەیی ڕاستەوخۆ لەسەر کەوانی یەکەم دروسـت کراوە (برادۆستی، ٢٠٠٩: ٨١٢-٨١٩).

٦- ئـەو کـەرەسـتـە بیناسازییانەی لـەم قشڵانەدا بەکار هاتوون، بەگوێرەی ناوچەکە دەگۆڕێت. ئەمەش بەهۆی بوونی ئەو کەرەستەیەی کە لە ناوچەکەدا هەیە. ئـەو کـەرەسـتـە بیناسازییانەی لە قشڵەکانی (گوێڕ، کۆیە، کەرکووک)، بریتین لە (بەرد، گەچ)، لە دروستکردنیان بەکار هاتووە. بەڵام قشڵەی مەخموور (بـەرد، گەچ، قسڵ) بەکار هاتووە لە دروستکردنیدا. بەڵام لە دروستکردنی قشڵەی هەولێر (بـەرد، گەچ، خشت، قوڕ) بەکار هاتووە.

**- دەرەنجام:**

دوای لێکۆڵینەوەکەمان دەربارەی قشڵە و شارەدێی گوێڕ و بەراوردکردنی لەگەڵ قشڵەکانی تری سەردەمی عوسمانی لە کوردستاندا، ئەم خاڵانەی خوارەوەمان بۆ دەرکەوت:

١- شارەدێی گوێڕ شوێنێکی جوگرافیی ستراتیجیی گرنگی هەیە؛ ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەوتووەتە نێوان سێ شاری گرنگ (مووسڵ و هەولێر و کەرکووک)، بـەیـەکـەوەیـان دەبـەسـتـێـتـەوە. بـەهـۆی بـوونـی زێی گـەورەوە، خەڵکەکەی توانیویانە بۆ کشتوکاڵکردن سـوودی لێ وەربگرن؛ ئەمەش کاریگەریی لەسەر ژیانی دانیشتووانی ئـەم شارەدێیە جێ هێشتووە و ئاستی ژیانیان تا ڕادەیـەک بـەرز کـردووەتـەوە؛ توانیویانە بژێویی ژیانیان دابین بکەن.

٢- شـارەدێـی گوێڕ مێژوویەکی دێرینی هەیە و سەرەتاکەی بۆ پێش هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە؛ بـەڵام تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی شوێنەواری لەم ناوچەیەدا نەکراوە؛ بۆیە بەتەواوەتی ناتوانرێت مێژووی ئەم ناوچەیە دیـاری بکرێت. بەهۆی پێگە جوگرافییە گرنگەکەیەوە چەندین جەنگ لەم ناوچەیەدا ڕوویـان داوە، بەتایبەتی لە سـەردەمـی ئیسلامدا. هەر لە سەردەمی ئەمەوییەکانەوە تاکوو سەردەمی عوسمانییەکان، ئەم ناوچەیە بەردەوام تووشی جەنگ و کاولکاری بووە؛ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دانیشتووانی ئەم ناوچەیە هەرگیز سەریان دانەنواندووە، بەردەوام لە بەرگریکردندا بوونە.

٣- دروستکردنی ئەم قشڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە ناوچەکەدا. ئەمەش وەکوو شوێنێکی گرنگی سەربازی و کارگێڕی بەکار هاتووە لە ناوچەکەدا بۆ حوکمکردن.

٤- قشڵەی گوێڕ بە شێوازێکی زۆر پتەو و بەهێز دروست کراوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی تاکوو ئێستا بمێنێتەوە، بێ ئەوەی هیچ جارێک نۆژەن بکرێتەوە؛ هەرچەندە کەمێکی ڕووخاوە، بەڵام توانیویەتی بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات، لەگەڵ ئەو هەموو کاریگەرییە سروشتییانەی لەسەریەتی.

٥- توێژینەوە لەسەر قشڵەی گوێڕ بە لایەنێکی گرنگی شوێنەواری دادەنرێت، بەتایبەتی لە ڕووی هونەری بیناسازی، کە پێک دێت لە دوو نهۆم و یەک دەرگای سەرەکیی هەیە.

٦- ئەو کەرەستە بیناسازییانەی لەم قشڵەیەدا بەکار هێنراون، زیاتر ئەو کەرەستانەن کە لە ناوچەکەدا هەن، وەک (بەرد، گەچ، قسڵ).

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:**

١- برادۆستی، زێدان (٢٠٠٩)، قشڵە و قەڵای کۆیە، ئینسایکلۆپیدیای هەولێر، ب٢، چ١، لوبنان.

٢- برادۆستی، زێدان (٢٠٠٧)، قشڵە و قەڵای کۆیە، سوبارتۆ (گۆڤار)، ژمارە (١)، هەولێر.

٣- برادۆستی، زێدان (٢٠١١)، قشڵەی هەولێر، سوبارتۆ (گۆڤار)، ژمارە (٥ و ٤)، هەولێر.

٤- برادۆستی، زێدان ڕەشید خان ئاودل (٢٠١٨)، هونەری بیناسازیی قشڵەکانی پارێزگای هەولێر لە سەردەمی عوسمانیدا (هەولێر، مەخموور، گوێڕ، کۆیە، برادۆست)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٥- ئیسماعیل، سیروان حوسەین (٢٠١٥)، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ تایبەتمەندییەکانی دانیشتووان لە قەزای مەخموور، نامەی ماستەر، پێشکەش کراوە بە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٦- حەسەن، سابیر (٢٠١١)، نۆژەنکردنەوەی قشڵەی مەخموور، ئینسایکلۆپیدیای هەولێر، ب٢، چ١، لوبنان.

٧- سمایل، عەباس سلێمان (٢٠٠٤)، مێژووی دەشتی هەولێر، بەشی یەکەم، هەولێر.

٨- غەفوور، عەبدوڵڵا (٢٠٠٨)، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، چ٢، دهۆک.

٩- گەردی، حەمید (٢٠١٠)، گوێڕ هەوارێکی کوردستانییە و ون، چ١، هەولێر.

١٠- گەردی، حەمید (٢٠٠٦)، هۆزی گەردی لە کوردستان و جیهاندا، چ١، هەولێر.

١١- نۆڵد، بارۆن ئیدوارد (٢٠٠٤)، گەشتێک بە عەرەبستان و کوردستان و ئەرمەنستان، وەرگێڕانی: حەمید عەزیز، بەشی دووەم، هەولێر.

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١- بقاعين، حنا (٢٠٠٣م)، معجم العمارة، ج١، بغداد.

٢- برادوستي، زيدان رشيد خان أودل (٢٠٢٢م)، الفن و العمارة الدينية في إقليم كوردستان و العراق المأذن الأتابكية نموذجاً(دراسة تحليلية نموذجا)، ط١، مطبعة جنكل، طهران.

٣- ثويني، على (٢٠٠٥م)، مجمع عمارةالشعوبالاسلامية، ط١، دمشق.

٤- الحيدري، علي (٢٠٠٨م)، البيت البغدادي، ط١، دارالمدى للثقافة و النشر، بغداد.

٥- الحسيني، السيد عبدالرزاق (١٩٣٠م)، موجز تاريخ البلدان العراقية، ط١، بغداد.

٦- رزق، عاصم محمد (٢٠٠٠)، معجم مصطلحات العمارة و الفنون الإسلامية، ط١، مكتبة مدبولي، القاهرة.

٧- روفو، حنا عبدالاحد (٢٠٠٣م)، لمحةعن تاريخ عنكاوة مافيها وحاضرها، ط١٢، اربيل.

٨- الزيباری، منير رمضان (٢٠١١م)، زخارف بيوت التراثية مدينت الموصل وأربيل فی اواخر العصر العثماني، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى كلية الأداب جامعة الموصل، الموصل.

٩- اللجنة الاعلامية لمهرجان يوم محافظة اربيل: أربيل بين الماضی والحاضر.

١٠- محمد، زياد احمد (٢٠٠٣-٢٠٠٤م)، قلاع الأمارةالسورانية فی اربيل من قرن(١٠ - ١٣ هـ /١٦- ١٩ م )، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى مجلس كلية الاداب فی جامعة صلاح الدين، اربيل.

١١- مخلص، عبدالله (١٩٢٧)، قضاء الكوير، مجلة(لغةالعرب)، بغداد.

١٢- نوار، سامي (٢٠٠٣م)، الكامل فی مصطلحات العمارة الأسلامية من بطون المعاجم اللغوية، ط١، الاسكندرية.

١٣- هــرة، خــالــد سـيـد ظـاهــر (١٩٨٥-١٩٨٦م)، قشلةكركوك(الثكنةالعسكرية)، مجلة(سومر)، عدد(٤٤)، ج١، بغداد.

١٤- وزيرى، يحيى (٢٠٠٥م)، موسوعة عناصر العمارة الإسلامية مدخل و بوابات - أبواب- شبابيك - مشربيات - خرط خشبي، الكتاب الاول، ط٢، مكتبة مدبولي، القاهرة.

١٥- وزيرى، يحيى (٢٠٠٥م)، موسوعة عناصر العمارة الإسـلامـيـة مـحـاريـب ومـنـابـر - دكـة المبلغ و كرسى المصحف- قباب و مأذن - أعمدة و عقود - عرائيس و مقرنصات، الكتاب الثاني، ط٢، مكتبة مدبولي، القاهرة.


**سێیەم: چاوپێکەوتنەکان**

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ خالید مەجید حەسەن، ڕۆژی دووشەممە، ٢٠١٢/١٠/٢٢.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ قاسم محەممەد گەردی، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠١٢/١٠/٢٤.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەممەد مەحموود عەبدوڵڵا، ڕۆژی چوارشەممە، ٢٠١٢/١٠/٢٤.

**- الملخص:**


تعتبر الفترة العثمانية من أهم فترات الإسلام. ولم يقتصروا على تطبيق الشريعة الإسلامية والجهاد في سبيل الله، بل حققوا إنجازات مهمة ومتقدمة في فن العمارة، حيث ظهرت أساليب معمارية جديدة في أواخر العهد العثماني؛ مثل بناء القشلة (القلعة). وفي تلك الفترة، تم بناء القشلات في أماكن عديدة من العراق، بما في ذلك (بغداد وكركوك وأربيل ومخمور وقوشتبة وگوير). غالبا ما بنيت هذه القشلات في مواقع مهمة على الطرق العامة والتجارية لحمايتها من التهديدات. بالإضافة إلى ذلك، كانت القشلة تستخدم لأغراض عسكرية وإدارية، حيث ساهمت في تنظيم وإدارة الحياة اليومية للسكان المحليين. ومن بين الوظائف المعمارية للقشلة، كانت توفر مكانا للبقاء وراحة الجنود مع خيولهم، لأنه قد بني لهم مكان خاص بهم. حيث كانوا يستريحون في قشلات المدن أثناء تنقلاتهم لأداء واجبهم العسكري، خاصة في فصل الشتاء.

في الختام، فإن هندسة القشلة، إلى جانب دورها الحيوي واستخدامها العسكري، أدت دورا فعالا في إدارة الأماكن المشيدة في العراق خلال الحكم العثماني.



**الكلمات المفتاحية:** القشلة، الكوير، تخطيط القشلة، عمارة العسكرية، عناصر معمارية.


**- Abstract:**


The Ottoman period is considered one of the most important periods of Islam. They were not limited to applying Islamic Sharia and striving for the sake of Allah, but they achieved important and advanced achievements in the art of architecture, as new architectural styles emerged in the late Ottoman era; such as building the Qishla (castle). During that period, Qishla was built in many places in Iraq, including (Baghdad, Kirkuk, Erbil, Makhmur, Qushtapa, and Gwer). These Qishla were often built in important locations on public and commercial roads to protect them from threats. In addition, the Qishla was used for military and administrative purposes, as it contributed to organizing and managing the daily lives of the local population. Among the architectural functions of the Qishla, it provided a place for soldiers to stay and rest with their horses, because a special place was built for them. They would rest in the city Qishla during their travels to perform military duty, especially in the winter.

In conclusion, the architecture of the Qishla, in addition to its vital role and military use, effectively managed the built places in Iraq during Ottoman rule.



Keywords: Qishla, Gwer, Qishla plan, Military Architecture and Architectural elements.